# ئەو کێشانەی هەڕەشە لە هاوپەیمانی نێوان یەکێتیٚ و پارتی دەکەن




**مسعود عبدالخالق**

ئـەو کێشـە و گرفتانـەی ڕووبـەڕووی ئـەو هاوپەیمانیـە دەبێتـەوە زۆر فراوانـە، لەنێـو خـۆی هـەردوو حیزب و معـارەزەی کوردسـتانی و میللـەت و لقێکـی دەگاتەوە سـەر دوژمنیش، لە پێشـدا لە نێو خۆ لەنێو هەردوو حیزب لەئاسـتی مەکتەب سیاسیش وەکو ئێمەی هاوڵاتـی نازانن چ دەگوزەرێ؟ چـۆن ڕێککەوتـون» ماددەکانـی چـین؟ تا لەناکاو وەك ئێمە ئەویش گوێبیست دەبێ، دەڵێن وا ڕێککەوتوون فلان سـەرۆك و ئەوی تر جێگر و ..هتد، سـێ مانگ بەر لە ئێستـا هەردوو حیزب بەڵێنییـان دا نهێنیەکانی ئەو ڕێککەوتنامەیـەی نێوانیان ئاشـکرا بکەن و کەچـی نەکرا.بۆیـە ئێسـتا هیـچ دەزگایەك نیە لـە کوردسـتان بەرپـرس بێـت لەوەی لایەنـی پێشـێلکاریەکانی ئـەو ڕێککەوتنەی نێوانیان دیاری بکات، کەواتە ئەگەر گرفتێك سـەرهەڵبدات کەسمـان نازانـین ئۆباڵی ئەو کێشە دەکەوێتە ئەستۆی کێ.

جگەلـەوەش ئەو گرفتە سـەختانەی کە ڕووبـەڕوی ئـەو هاپەیمانێتییـە دەبێتـەوە بەشێکی ئەمانەی خوارەوەن:

١- خەڵکـی کوردسـتان بـەو جـۆرە هاپەیمانیـە ڕازی نیـە، بـەڵام ئـەوە مانای ئـەوە نیـە کە خوازیاری شـەڕ بن لـە نێوان ئەو دوو لایەنەدا، بەڵکو مەبەست لێی بوونی شـەفافیەتە، هیچ کادرێکـی پارتی ویەکێتی تاکە کەسـێکی سادەشـی پێ ڕازی ناکرێت، بڵێـت ئـەو براکوژیەی دوێنـێ و هاوپەیمانی ئەمڕۆمان هەردووکی کوردایەتیە، خۆ ئەگەر بەیانی هاوپەیمانیمان هەڵوەشاندەوە ئەویش هـەر کوردایەتیـە.. ئـەی چیـە؟ وەڵامەکە ئامادەیە، ڕای گشـتی ئەوەیە دابەشـکردنی بەرژەوەندییە ، ئـەوەش تەمەنی زۆر کورت دەبێت.

٢- لـە هەڵبژاردنـی ٧/٢٥ لێـك جیـان، لەکاتێکدا پارتی پێی وایە یەکێتی تەنها ١٢ بۆ ١٦ کورسی بەدەست هێناوە(هەندێ جاریش دەڵێن تەنها هەشت کورسی هێناوە)، دەبێت




بزانين ئەوە بۆچوونى كادرێكى سادەنيە بەڵكو بۆ چوونى سەرۆكيشە، ئيتر ئەو رێژە كورسيە لەچاو ٢٩ كورسى پارتى زۆر كەمە، كاتێك كاديرانى پارتى و سەركردايەتيان ئەو پرسيارە رووبەرووى كاك مەسعود دەكەن بۆچى دەسەڵات نيوە بەنيوە لەگەڵ يەكێتى بەش بكەين و سەرۆكى حكومەتيان پێ بدەين، ئەو بە نيگەرانى و دوو دڵيەوە پێيان دەڵێت» من بەڵێنم بە مام جەلال داوە، ئەگينا ئێوە راست دەكەن، وەك پارتى ئێمە مەغدوورين، ئەوەش بە روونى ديارە وەك خێر پێ كردنە، سياسەتيش لە دونياى مۆدێرن لەسەر خێر و سەدەقە نەوەستاوە وناوەستێ، بۆيە ئەو خێرەى پارتى بە يەكێتى دەيكات تەمەنى زۆر كورت دەبێت و وەكو بۆمبى تەوقيت كراوە لەگەڵ هەر كێشەيەك هەمووى دەتەقێتەوە، لەلاى يەكێتيش جۆرێك لە خوێندنەوەى ترهەيە بۆ ٢٥ى تەموز،كاديرانى يەكێتى پێيان وايە دەنگى تەواوى خۆيان هێناوە، بەڵام لەلاى پارتى تەزوير كرا و لاى ئەوان نەبووە، لەلاى يەكێتى شكستەكە ديموكراتيانە قبوڵكرا بەڵام لاى پارتى ئەو شكستە قبوڵ نەكرا و هێرشيان كردە سەر بارەگاى لايەنە ئۆپۆزسۆنەكان.

٣- بەپێى لێكدانەوەيەكى ستراتيژى تر بارودۆخى يەكێتى لە پارتى باشترە، چونكە پێيان وايە پارتى تەنها «٢٩» كورسى هەيە تاكە دۆست وكارت ئێمەى هەيە ، هەركاتێك ئێمە لە حكومەت بكشێينەوە حكومەت و دەسەڵاتى پارتى نامێنێت و لە پەرلەمان دەبێتە كەمايەتى ئۆپۆزسيۆن، واتا پارتى يەك كارتى بە دەستەوەيە ئەويش وەفاى يەكێتيە، هەرچى يەكێتيە سەرەراى ئەوەى خاوەنى «٣٠» كورسيە بەڵام زياتر كارتى بەدەستەوە، دەتوانێ بەسانايى لەگەڵ «گۆران» و «چوارحيزبەكە» ئاشت بێتەوە و حكومەت پێك بهێنێت، كەواتە لاى يەكێتى پێيان وايە ئەوان خێر بەپارتى دەكەن(وەك وەفاى سياسى) لەگەڵيدا هاوپەيمانى دەكات بۆ پێكهێنانى حكومەت، ئەگينا رێگاى باشتر هەيە، كەواتە هەردوو لا پێيان وايە خێر بەيەك دەكەن، زۆر روونە ئەو خێر پێك كردنە بەو دوو ئاراستە پێچەوانە تەمەنى زۆر كورت دەبێت.

٤- هەر لەراستيدا ئەو تێروانينەى خاڵى سێيەم راستە، ئەو سيناريۆيانە لە پێشە و هيچى ئەستەم نيە، بەشێك زياتر لەوە پێيان وايە بيرۆكەى «گۆران» تاكتيكى مام جەلالە، وەلێ ئەوە راست نيە و تاكتيكێك لەو نێوەندەدا بوونى نيە، بەلام لە هەمان كاتيشدا ئاشتبوونەوەيان مەحاڵ نيە، كەواتە لەلايەك راستە لەو هەڵبژاردنە يەكێتى دۆڕاوترە لە پارتى بەڵام لە هەمان كاتدا چارەنوسى پارتى زياترلە مەترسى دايە، بۆ ئەو مەبەستە لە سۆنگەى ئەو مەترسيەشەوە كاك مەسعود كەناڵێكى لەگەڵ گۆران كردەوە، بە فەرمى لەگەڵ وەفدێكيان كۆبويەوە كە پێكهاتبوون لە «جەلال جەوهەر عەزيز ، محەمەد تۆفيق ، د.شاهۆ سەعيد»، كە پاشان لەگەڵ نێچيرڤان بارزانيش كۆبوونەوەيان سازدا، هەردوو لا زۆر بەوردى ئەو پرسيارەيان ئاراستەى وەفدى «گۆران» كرد، ئاخۆ گۆران ئامادەيە لەگەڵ يەكێتى پێكبێت بۆ پێكهێنانى حكومەت دژى پارتى؟، لەوەڵامدا گۆران رايگەياند كە ئێمە بريارمان داوە معارەزە بين و بەشدارى لە حكومەت نەكەين، هەروەها وەفدى گۆران زياتر وتبويان» ئێمە ماندووى دەستى سياسەتى دووروويى و نيفاقين، چيتر بەنياز نين ئەو پلانانە لەگەڵ يەكتر بگێرين، كاك مەسعود و نێچيرڤان بارزانى بەو وەڵامە تا رادەيەك ئارامبوونەوە لە ناديارى و لێڵى داهاتوويان، هەر ئەوەش واى كرد فشارەكانيان چڕتر كرد لەسەر يەكێتى بۆ دابەش.

٥- هەرەشەيەكى ترى گەورە لەسەر ئەو هاوپەيمانيەتە ئەوەيە معارەزەيەكى بەهێز لە پەرلەمان سەرى هەڵداوە، پێشبينى دەكرێت لە هەڵبژاردنى داهاتوو گورزيكى كاريگەرتر بوەشێنێ.